له سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە ڕێکردنەوە خواردنمان دەخوارد، و (ئاو وشلەکانی ترمان) دەخواردەوە کاتێک بە پێوە بووین

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «لە سەردەمی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە ڕێکردنەوە خواردنمان دەخوارد، و (ئاو وشلەکانی ترمان) دەخواردەوە کاتێک بە پێوە بووین».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

کردەوەی هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی خواردنەوە بە پێوە دروستە، چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕەزامەندی نیشانداوە لەسەر ئەم کردەوەیان، بەڵام باشتر وایە مرۆڤ لە کاتی خواردن وخواردنەوەدا دابنیشێت؛ چونکە ئەمە سونەتی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کە هاتووە، سەبارەت بە خواردنەوە بە پێوە هاتووە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی لێکردووە، بەڵام ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەهی کردنەکە بۆ حەرامبوون نییە، بەڵکو خواردن وخواردنەوە بە پێوەی پێچەوانەی باشترینە: واتا باشتر وکاملّتر ئەوەیە مرۆڤ بە دانیشتنەوە خواردن وخواردنەوە بخوات، وئەگەر بە پێوە خواردن وخواردنەوە بخوات بە تایبەت لە کاتی پێویستدا ئاساییە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4948